"نەهێشتن یان پەراوێزخستنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێتە هۆی بەرقەراربوونی ڕژێمێکی دیکتاتۆری"

د. سەلاح عەزیز بۆ هاوڵاتی

سازدانی: ئارام جەمال

لەبارەی ڕێگرییەکانی بەردەم ڕێکخراوگەلی کۆمەڵگەی مەدەنی لەکوردستان و عێراق و جیاوازی کارکردنی ڕێکخراوەکانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی لەکوردستان و وڵاتانی تردا بەتایبەتی ئەمەریکاو، گونجانی ڕۆڵبینینی ڕێکخراوەکان وەکو ئۆپۆزسیۆن لەکوردستاندا، **هاوڵاتی** ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ د. سەلاح عەزیز شارەزا لەبواری کاری ڕێکخراوەیی سازداوە.

بەکورتی

- د. سەلاح عەزیز ساڵی ١٩٨٨ بڕوانامەی دکتۆرای لەفیزیای ئەتۆمی لەزانکۆی ئاندیانا وەرگرتووەو لەوکاتەوە هەتا ئێستا لەزانکۆی فلۆریدا لەئەمەریکا کاردەکات.
- لەساڵی (١٩٩٨)ەوە چۆتە نێو بواری کۆمەڵگەی مەدەنییەوەو ڕێکخراوی «ASK»و «ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی» وەك دوو ڕێکخراوی سەربەخۆ دامەزراندووە.
- بەمەبەستی چەسپاندنی هەندێك پرەنسیپی گشتی بۆ پاراستنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەلایەن بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی جیهانییەوە (WMD) ڕاسپێردراوە بەوەی ببێتە ڕێکخەری بارودۆخی یاسایی و ئیجرائی لە ١٠ وڵاتدا: ئێران، عێراق، ئوردن، فەلەستین، یەمەن، عەرەبستانی سعودی، بەحرەین، میسر، تونس و مەغریب.
- ئێستا ڕێکخەری پرۆگرامگەلی ئەکادیمییە لەکۆلێژی ئەندازیاری لەزانکۆی فلۆریدا – تلاهاسی لەئەمریکا.



هاوڵاتی: ئایا کۆمەڵگەی مەدەنی بەلای تۆوە چی دەگەیەنێت؟ ئایا کۆمەڵگەیەك هەیە لەدنیای ئێستادا ڕێکخراو گەلی کۆمەڵگەی مەدەنی تێدا نەبێت؟

د. سەلاح عەزیز: بەو کۆمەڵگەیە دەگوترێت کۆمەڵگەی مەدەنی کەخاوەنی "دەستور" بێت بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان گەل و دامەزراوە حکومییەکان و ماف و بەرپرسیارێتییەکانی ئەو دامەزراوانەو هاوڵاتیان روونبکاتەوە. گرنگترین مەرجەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بریتین لە:

- باڵادەستی و سەروەریی یاساو جێبەجێکردنی بەسەر هاوڵاتیاندا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە.
- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادوەریی و ڕاپەڕاندن لەیەکتر.

بەڵام هەرچی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە ئەمانە ڕێکخراوگەلێکی ناحیزبی و ناحکومین و یارمەتی حکومەت دەدەن لەخزمەتکردنی هاوڵاتیاندا، هەروەها چاودێری حکومەتیش دەکەن لەپێشێلکارییەکانی مافی هاوڵاتیاندا (بەپێی دەستور)، هەروەها ئەم ڕێکخراوانە چەندین پێشنیار دەخەنەروو بەمەبەستی خزمەتگەیاندن بەهاوڵاتیان و باشترکردنی ئەدای حکومەت.

لەهەموو وڵاتانی دنیادا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەشێوەیەك لەشێوەکان، ئامادەگییان هەیە. لەوڵاتانی دیموکراسیدا چەند ڕێوشوێنێك دەگیرێنەبەر بۆ ئاسانکردنی کاری تۆمارکردن و بەئەنجامگەیاندنی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. لەوڵاتانی نیمچە دیموکراسیدا (وەك یەمەن، ئوردون، مەغریب) لەملاوە چەند یاسایەك هەن بۆ ڕێکخستن و تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان، بەڵام لەولاوە ڕێگری و کەندو کۆسپیان بۆ قوتدەکەنەوە. بەڵام لەوڵاتانی نادیموکراسیدا (وەك میسر، تونس، جەزائیر، ئێران، سعودیە...هتد) حکومەت بۆ خۆی دێت چەندین ڕێکخراو لەژێر ناوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دروستدەکات، بەڵام لەواقیعدا کاری ئەمانە بۆ خزمەتکردنە بەحیزبی فەرمانڕەواو دەسەڵاتدار.

هاوڵاتی: ئایا بەرهەمی پشتگیریکردنی ئەمریکا لەماوەی ڕابوردودا بۆ عێراق و کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت، بەتایبەتی تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی بەهاوکاریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەیە؟

د. سەلاح عەزیز: گومان لەوەدا نییە کەداگیرکردنی ئەمریکا ئازارێکی گەورەی بۆ گەلی عێراق هێنا، بەڵام چەند لایەنی ئیجابیشی هەیە، یەکەمیان وەك پێشخستنی دەستوری عێراق، کەدەتوانرێت بەچاکترین دەستوری عێراق دابنرێت لەوەتەی دەوڵەتی عێراق دامەزراوە، ئەگەرچی کەموکوورییش لەهەندێك برگەو مادەیدا هەبن. یەکێکی تر لەکارە باشەکانی ئەمریکا هاندانی عێراقییەکانە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی ناوچەیی و نیشتمانی بەمەبەستی دیاریکردنی نوێنەرەکانیان لەپەرلەمان و حکومەتدا. بۆ یەکەمینجارە لەمێژووی عێراقی هاوچەرخدا هەڵبژاردن بکرێت و لەئەنجامیدا چەند پارت و کەسایەتییەك، کەرەنگدانەوەی توێژەکانی کۆمەڵگەی عێراق بن، بگەنە پەرلەمان. سێیەم ئیجابیاتی ئەمریکا پشتگیریکردنیەتی لەپێکهێنانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تاوەکو لەوێوە گەلی عێراق بەمادەکانی دەستورو گرنگی و بایەخی بەشداریکردنی هاوڵاتیان لەهەڵبژاردنەکاندا هۆشیاربکاتەوە. بەڵام ئەم کارە ئیجابییەی چەندین زەرەریشی لەگەڵ خۆیدا هێنا، لەوانەش وەك:

أ- خەرجکردنی دەیان ملیۆن دۆلار بۆ هاوکاریکردنی ڕێکخراوەکان بووە مایەی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لەنێو ڕێکخراوەکاندا.

ب- بەستنەوەی ئەم هاوکارییەی ڕێکخراوەکان بەئامانج و ئەجێندای ئەمریکاییەوە، بەمەش ڕاستگۆیی خۆی لەدەستدا، بەتایبەتیش لەناوەڕاست و خواروی عێراقدا.

بەڵام لەگەڵئەوەشدا هەرچۆنێك بیگرین ڕێکخراوەکان گرنگترین توێژن بۆ بەرگریکردن لەدیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لەعێراقداو لەو بوارەدا لەپارتە سیاسییەکان زیاتر جێگەی متمانەن.

هاوڵاتی: ئەو جیاوازییانە کامانەن لەنێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان و ئەمەریکادا هەن سەبارەت بەپەیوەندییان لەگەڵ هەریەك لەحیزبی دەسەڵاتدار، حکومەت؟

د. سەلاح عەزیز: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەئەمریکادا بەشدارییەکی بەرچاویان هەیە لەخزمەتکردنی هاوڵاتیاندا، لەوێ لەڕووی ڕێکخستنەوە سێ جۆر ڕێکخراو هەیە:

أ/ ڕێکخراوی لۆکاڵی لەناو شار یان ناوچەیەکی کارگێڕییدا.

ب/ ئەو ڕێکخراوانەی لەسەر ئاستی ویلایەتەکانن.

ج/ ئەو ڕێکخراوانەی لەسەر ئاستی نیشتمانین (فیدراڵ).

خزمەتگوزارییەکانی ڕێکخراوەکان بەپێی گرنگی و بایەخی ئەو توێژەیە کەدەیانەوێت خزمەتی بکەن، بەڵام ڕێکخراوەکان لەڕووی وەزیفییەوە ئەرکەکانیان بەسەر ئەم بنەمایانەدا دابەشدەبن:

أ) ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بەحکومەت (لەسەر ئاستی ویلایەت و فیدراڵ) لەبوارە جیاجیاکانی وەك (فێرکردن، تەندروستی، سیاسەت... هتد).

ب) پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بەگروپە تایبەتییەکانی وەك مودمینانی مادده بێهۆشکەرو سەرکەرەکان، قوربانیانی توندوتیژیی خێزانی، منداڵان...هتد.

بەڵام لەکوردستاندا مەسەلەکە بەجۆرێکی ترو جیاوازە. پارتە سیاسییەکان لەڕووی دامەزراندنی کۆمەڵەو سەندیکا جەماوەرییەکانەوە لەسەر مۆدێلی سۆڤێتی و سیستمی کۆمۆنیستین، بۆیە بوونی سەندیکاکانی کرێکاران، ئەندازیاران، مامۆستایان، پزیشکان و چی و چیتر جگە لەواجیهەیەکی حیزبی شتێکی تر نین، لەکۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا ئەوە دەستورو قەزایە مافەکانی هاوڵاتیان بەپێی دەستور دەپارێزێت، سەندیکاو کۆمەڵەکانیش ئاستی ئەدای توێژە پیشەییەکان ڕێکدەخەن و باشترو باشتری دەکەن. بەڵام ئەو ئەرکانەی سەندیکاو کۆمەڵەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەکوردستانیشەوە، بەجێیدەهێنن پیشەیی نین ئەویش بەهۆی گرێدانیانەوەیە بەحیزبەکانەوە. باشترین نموونەی ئەمەش ئەو ململانێ حیزبییەیە کە لەمیسرو ئوردن بەڕێوەدەچێت لەپێناو دەستگرتن بەسەر کۆمەڵەو سەندیکاکاندا.

هاتنە ناوەوەی ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان بۆ نێو کوردستان لەساڵی (١٩٩١)ەوە بوو کەڕێکخراوگەلێك بوون بۆ هاوکاریکردن و پشتگیریکردنی پەنابەرانی کوردو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پێیان. لەگەڵ جێبەجێکردنی بەرنامەی نەوت بەخۆراکیشدا ڕێکخراوی ناحکومی لۆکاڵی و ناوخۆییش دەرکەوتن، کاتێکیش ڕێکخراوی ASK دامەزرا ئەویش لەلای خۆیەوە یارمەتی دامەزراندنی ژمارەیەك ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی دا، بەگشتی ژمارەی ئەم ڕێکخراوانە لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە زیادیان کرد. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین هەتا ئێستا هیچ یاسایەك لەئارادا نییە کە کاری ڕێکخراوەکان بەپێی دەستوری عێراق ڕێکبخات و تۆماریان بکات. ڕێکخستنی کاری ڕێکخراوەکان بەپێی یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠١ لەکوردستاندا پێویستی بەدەستکاریی و گۆڕانێکی زۆر هەیە تا بگاتە ئەو ئاستەی لەدەستوری عێراقدا هاتووە، جگە لەوە پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی ڕێکخراوەکان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە کارێکە لەگەڵ سروشتی کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ناگونجێت چونکە ئەمانە بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی پەنادەبەنە بەر ئامرازی ئاشتیانە.

هاوڵاتی: ئایا بەڕێزت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەك ئۆپۆزسیۆن دەبینیت لەکوردستاندا، یان بەتەواوکەری حکومەت و دامەزراوەکانی دەزانیت؟

د. سەلاح عەزیز: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخراوگەلی ناحیزبی و ناحکومین و ناکرێت لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن بن بەرامبەر بەدەسەڵاتی فەرمانڕەوا. بەڵام ڕێکەوتنی پارتە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستان لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات وایکردووە گیانی ئۆپۆزسیۆن لەلای پارتە سیاسییە بچووکەکان لاوازبێت و ئەمەش دەرفەتی گەشەسەندنی دیموکراسی لەکوردستاندا لاوازکردووە. لەبەرئەوە کاتێك ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندنی ئازاد بیروبۆچوونەکانیان لەبارەی هەندێك مەسەلەوە دەخەنەڕوو یان هەندێك هەڵسوکەوتی هەڵە و چەوتی دەسەڵات کەشفدەکەن، حکومەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەلایەنی ئۆپۆزسیۆنی خۆی دادەنێت.

پێویستە حکومەتی هەڵبژێردراو گەشە بەپرۆسەی دیموکراسی بدات لەبواری حوکمڕانیدا چونکە خودی خۆی شەرعیەتی لەو پرۆسە دیموکراسییەوە وەرگرتووە کەهەڵیانبژاردووە.

شتێکی سروشتی و تەندروستە ئەگەر بیروڕاو هەڵوێستی نێوان حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەیەکتر جیاواز بن. ئەوەی لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندنی ئازاد پێویستە ئەوەیە هەست بەبەرپرسیارێتی و هاوڵاتیبوون بکەن لەکارەکانیاندا، پێویستە حکومەتیش سنگی فراوان بێت لەهەمبەر چالاکی و هەڵوێستەکانی ڕێکخراوەکاندا، نابێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆیان بە بەدیل و ئەڵتەرناتیڤی حکومەت بزانن یاخود خۆیان بەنوێنەری گەل دابنێن. هەروەها پێویستە لەسەر حکومەتیش ڕێز لەڕێکخراوەکان بگرێت و هەست بەگرنگیان بکات و سەربەخۆییان بپارێزێت چونکە نەهێشتن یان پەراوێزخستنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێتە هۆی بەرقەراربوونی ڕژێمێکی دیکتاتۆری.

هاوڵاتی: ئەو ڕێگریانە کامانەن لەبەردەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان و عێراقدان؟

د. سەلاح عەزیز: کەندوکۆسپەکانی دێنە بەردەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەکوردستان و عێراقدا جیاوازن، بەکورتی دەتوانین باسی ئەم ڕێگریانە بکەین:

أ) ڕێگرییە یاساییەکان: واتە یاسایەك نییە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەپێی دەستوری عێراق ڕێکبخات، لەبەرئەوە ئەو یاسایانەی کاری ڕێکخراوەکان ڕێکدەخەن لەعێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی بریمەری ژمارە (٤٥)ی ساڵی (٢٠٠٤). بەڵام لەکوردستاندا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەپێی یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠١ تۆماردەکرێن و ڕێگە بەوە نادەن ڕێکخراوەکان تۆڕو گروپات پێکبهێنن.

ب) ڕێگرییە ئیجرائییەکان: مادە ٤٥ی ساڵی (٢٠٠٤) ڕێگە بەتۆمارکردنی ڕێکخراوەکان دەدات لەڕێگەی بەشێکی تایبەتی سەر بەوەزارەتی پلاندانانەوە، بەڵام پێدانی زانیاری لەبارەی دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکانەوە بەو وەزارەتە گومانی ئەوەی هەیە کەئەو زانیاریانە دزەبکەن و ئەمەش دەبێتەمایەی هەڕەشە بۆ سەر گیانی دامەزرێنەران و کارمەندانی ئەو ڕێکخراوانە. لەکوردستاندا تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە وادەکات ڕوویەکی ئەمنی بداتە مەسەلەکە، جگە لەوە وەرگرتنی مۆڵەت بۆ ڕێکخراوێکی ناحکومی قورسدەبێت ئەگەر بۆچوونی فیکریی دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ دەسەڵاتدا نەگونجێت.

جـ) ڕێگرییە ئەمنییەکان: لەسەروبەندی نەبوونی سەقامگیریی سیاسی و بەرنامەی حکومیانەی ڕوون و ڕەواندا بۆ کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوکاریکردنیان، دەستەبەرکردنی ئەمن و ئاسایش بۆ کارمەندانی ڕێکخراوەکان دەبێتە ئەولەویەت بۆیان. لەکوردستاندا سەقامگیریی ئەمنی هەیەو ڕێگریی ئەمنی لەبەردەم کاری ڕێکخراوەکاندا نییە.

د) ڕێگرییە داراییەکان: ڕێکخراوە سەربەخۆکان پشت بەهاوکاری دارایی دەرەوە دەبەستن، ئەم سەرچاوانەش شتێکی مسۆگەرو هەمیشەیی نین بەڵکو پشت بەو میکانیزمەی هاوکاریکردنە دەبەستێت کەبەرنامەو ئامانجەکانی دۆنەرەکان هەیانە.

گۆشەیەکی تایبەتە بەبوارەکانی کۆمەڵگای مەدەنی

بەرەنگاربوونەوەی تۆتالیتاریزم

عومەر محەممەد*

هەمیشە لەگەڵ ئەو کەسانە ناتەبابووم کە پێیانوایە لەگەڵ ڕوخانی بەغدادا بەعسیزم و ڕەفتارەکانی بەعسیش ڕوخاون، بێگومان دەبوایە وابوایە، کۆمەڵگەی عێراقی بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی، لەدوای تاوانی ئەنفالەوە دەبوایە جگەلەوەی خاوەنی شۆڕشێکی فیکریی بوایە، هاوکات وەکو بەرئەنجامی ئەو شۆڕشە فیکرییە خاوەنی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیش بوایەو وەکو ئەرکێکی ئەخلاقی خۆی لە پیادەکردنەوەی هەموو ئەو داب و نەریت و ڕەفتارانەش ببواردایە کە بەعس پیادەی دەکردن، وەلی ئەفسوس..!

بۆیە وای بۆ دەچم ئەوانەی پێیانوایە ئێمەی کورد بەرهەڵستکارو نەیاری ڕاستەقینەی بەعس بووین، کورتیان هێنابێ لەراڤەکردنی چەمکی بەرهەڵستکاری و بەرەنگاربوونەوە، ڕاستە ئێمە شەڕی بەعسمان کردووەو خوێنمان ڕشتووەو خوێنیشمانداوە، بەڵام زەرەرمەندی یەکەم هەر ئێمە بووین، بۆ؟ چونکە ئەوەتا ئێمە ماوین و بەعس نەماوە!! سەرکردەکانی لە گۆڕێ نەماون و لەدوای ڕوخانیشی بەعسیزم شەڕمان لەگەڵ دەکاو هەرخودی ئێمەی بەرهەڵستکاری ئەو ڕژێمە، داکۆکی سەرسەخت لە یاساو ڕێساو داب و نەریتی بەعس دەکەین، ڕۆژنامەنوسەکانمان، سەرکردەکانمان ڕەفیق حزبیەکان، وەزیرو مودیرعامەکانمان، سەرکردە گەورەو ناوەندو بچوکەکانمان، بەهەمان نەغمەو ڕەفتاری ئەوانەوە قسەدەکەین، لەدوای بەپەندبوونی ئەو ڕژێمە هەمان ئەو دەستەواژانە بەکاردەهێنینەوە کەبەعس بەکاریدەهێنان، تۆمەت بۆیەکدی دروستدەکەین و کەرامەتی ئۆپۆزسیون دەخەینە ژێر پرسیارەوە، لەکاتێکدا بوونی ڕەخنەگرو ئۆپۆزسیون لەهەرکایەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا بوونی ئاساییەو نیشانەی زیندوێتی ئەو کۆمەڵگایەشە.. کەچی ئێمە لەبری ئەوەی ڕێز لەپرەنسیپە دیموکراسییەکان بگرین، ڕێز لە ئازادییە سیاسی و فیکرییەکان بگرین، ئەگەرچی پروپاگەندەی دیموکراسییەتیش دەکەین، بەرەفتاری تۆتالیتارانەوە بەرەنگاری هەردەنگێکی نارازی دەبینەوە.

ئەمە لەکاتێکدایە (گرنگترین بەرەنگاربوونەوەی تۆتالیتاریزم لەسەرئاستی فیکری بریتییە لەلێکۆڵینەوەو ناسینی زیاتری تۆتالیتاریزم) بێگومان لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسیش خەونی دیموکراسی و قسەکردن لەکۆمەڵگەی مەدەنی بەبێ ناسینەوەی توخمەکانی تۆتالیتاریەت و ناسینی ماهیەت و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕەفتارەکانی بەعس دەبێتە خەونێکی ئەبەدی و هاتنەدی سنوری مەحاڵەکان نابەزێنێ، بەداخەوە زۆرن ئەوانەی لەسەر ئەنفال دەنووسن و کاردەکەن، بەڵام کەمن ئەوانەی دەیانەوێت لە بەعس ناسیەوە، ئەنفال بناسن و پێش بەدووبارەبوونەوەی ئەنفالێکی دی بگرن، گێڕانەوەی حیکایەتەکانی ئەنفال، بەمەبەستی ناسینی ڕەفتارەکانی بەعس هیچ نییە جگە لەخۆبواردن لە ترسی دەسەڵاتی دوای بەعس، بێگومان مەرگدۆستی دیوێکی تۆتالیتاریزمەو تۆڵەکردنەوەو دەمارگیریش جگە لەوەی لەشکرێك مرۆڤی چەواشە بۆ دەسەڵاتی

ستەمگەر ئامادەدەکات، خێزانەکان و تاکی کۆمەڵگەش دەخاتەوە خزمەتی خەونەکانی تۆتالیتاریزم، بەئاسایی پیشاندانی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان جێگەیەك لەخەیاڵاتی ئەو جۆرە کەسانەدا ناگرن. کەچی کاتێك بە ئاگادێینەوە کۆمەڵگە بەتاکو کۆیەوە بووەتە پاسەوانی زیندانەکانی خۆی، بووەتە بەشێك لەپیادەکەرانی گەندەڵی و توندڕەوی دەسەڵاتدارە مشەخۆرەکانی دەوڵەت، بۆیە دەبینین ئەو ساتەی لەوە بێ ئومێد دەبین، پیاوە دەسەڵاتدارەکان لەخەمی ژیانی ئێستای ئێمەدابن، ئومێدێکیش نامێنێتەوە بۆ چاکبوونیان، تا ئایندەمان باشتربکەن، ئیدی کاڵەك بە ئەژنۆی خۆمان دەشکێنین! با هەربڵێین تاوانی ئەنفال بەعس کردی، ئەگەر زەق بەبەرچاومانەوە کەسوکاریان بەهەمان سوێی ڕابوردووەوە گیرۆدەن و دەسەڵاتی حازر ئامادەنییە مشورێکی جیددیان بخوات .

ڕێکخراوی چاك *

هەڵەبجەو سەردانی بێسەمەر!!

نەجم محەممەد

لەدوای ڕاپەڕینەوە سەردانی بەرپرسان و گەورە لێپرسراوان و سەرکردەو کەسایەتییە ناوخۆی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ هەڵەبجە بۆتە دیاردەیەکی بەردەوام، دواهەمین سەردانیش سەردانەکەی (تارق الهاشمی)بوو هەر بۆیە لێرەدا وەك هەڵەبجەییەك بەپێویستم زانی سەبارەت بەم سەردانەو سەردانەکانی پێشووتر چەند سەرنجێك بخەمە ڕوو، سەرەتا پێموایە جەوهەری هەر هەموو سەردانەکان تائەمڕۆ بەوەی هاشمیشەوە بریتیبوون لەسەردانی مەرامی سیاسی و دبلۆماسی و بەرژەوەندی و ململانێی حیزبی، نەك سەردانێك بۆ ئاوڕدانەوەو قەرەبوکردنەوەی بنەماڵەی شەهیدان و ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەو شارەو هەروەها هەموو لێدوانەکان و بەڵێنەکان و هاوخەمییەکان لەو سەردانانەدا بۆ ئەم شارە بریتیبوون لەموجامەلەو درۆو فریودان و خەڵەتاندن و هەموو فرمێسك ڕشتنەکانیش فرمێسکی تیمساحی بوون نەك ویژدانی من نازانم ئاخر(کۆلن پاوڵ)و ئەمەریکییەکان بەسەردانیان بۆهەڵەبجە هیچیان بۆ ئەم شارە نەکردو سەردانەکەیان هیچ سەمەرێکی نەبوو ئێستا ئیتردەبێ چ چاوەڕوانیەك لە هاشمی بکەین؟! بێگومان هیچی پێ ناکرێ بۆ ئەم شارە دیارە ئەم سەردانەی هاشمی بۆ کوردستان بەتایبەت بۆ هەڵەبجە نەبووەو هەڵەبجە مەبەست نەبووە بەڵکو چەند مە بەستێکی تری هەبوە لەوانە گەشتوگوزاری خێزانی وئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەو هاوپەیمانی سێ قۆڵی و بەسەرکردنەوەی عەرەبە ئاوارەکانی کوردستان و ڕاکێشانی عەتفی شەقامی کوردی و پێشدانەوەی مالیکی لەسەردان بۆهەڵەبجەدا کەبڕیاربوو مالیکی سەردانی هەڵەبجە بکات ئەوە بووسەردانەکەی دواخست بۆ ساڵی نوێ بۆیە هاشمی ئەوفورسەتەی قۆستەوە من نازانم مالیکی نەك هەر عێراق بەڵکو مالیکی هەمووجیهانیش بێ و نەك جارێ بەڵکو سەد جاریش سەردانی هەڵەبجە بکات هیچ بۆ هەڵەبجە ناکات ، بەکورتی فەلسەفەی سەردانەکەی هاشمی بریتی بوو لە (هەم سیاسەت وهەم زیارەت) هەربۆیە هاتنەکەی بۆ هەڵەبجە بێ سەمەرە و هیچی پێ ناکرێ بۆئەم شارە نەهاتنەکەی باشتربوو لەهاتنەکەی من دەپرسم ئاخر کێ نەما سەردانی ئەم شارە نەکات ؟ سەرەنجام چیان کرد بۆ هەڵەبجە بێگومان هیچ!! ئاخرکێ ماوە نەهاتبێتە هەڵەبجە؟ بەتەنیا (جۆرج بۆش) ماوە بێتە هەڵەبجە گەر ئەویش سەردانی هەڵەبجە بکات بێگومان سەردانەکەی ئەویش بێ سەمەر دەبێ وەك هەڵەبجەییەك دەپرسم ئەرێ ئەم هەموو سەردانە بێسەمەرانە چی یە بۆ هەڵەبجە ؟ تائێستا سەردانەکانتان زربووە پێمان بڵێن ئاخر کەی سەردانەکانتان سەمەری دەبێ؟ هەڵەبجە پێویستی بەسەردانی زرو بێسەمەری ئێوە نییە بەڵکو پێویستی بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەو قەرەبوکردنەوەهەیە تکایەئیتر سەردانی بێسەمەر مەکەن بۆ هەڵەبجەخەڵکی هەڵەبجە دەمێکە لەڕاستی سەردانەکانتان گەیشتون وناڕازی وبێزارن لەسەردانەکانتان ئەوان دووساڵ لەمەوبەر لەخۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەری داپەیامی خۆیانیان ئاراستەکردن لە هەموی سەیرترهەموو ئەو کەسایەتیانەی کەسەردانی هەڵەبجەیان کردووە هەرهەمویان بە دەستی بەتاڵەوە هاتونەتە هەڵەبجەوە بە هاشمیشەوەکەبچوکترین دیاری و پرۆژەی پێ نەبوو بۆ هەڵەبجەو بنەماڵەی شەهیدان بەڵێ هاشمی بەدەستی بەتاڵ هاتە هەڵەبجە بەڵام بەدوو مەدالیای ڕێزلێنانەوە هەڵەبجەی بەجێهێشت کەوەك دیاریەك پێشکەشی کرا لە لایەن سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەوبەڕێوەبەری مۆنۆمێنتی هەڵەبجەوە ئەو هاشمیەی کە تاسەر ئێسك نارازیەو بەرگریکارە سەبارەت بەلەسێدارەدانی سوڵتان هاشم و هەروەها یەکێکە لەوانەی کە حوکمی لەسێدارەدانی عەلی کیمیایشی ڕاگرتووەمن پێم وایە نەك دوو مەدالیا بەڵکوملیۆنێك مەدالیا ببەخشیتە هاشمی دۆسیەی هەڵەبجەی بیر ناکەوێتەوە چونکە ئەوان وەك سەرکردایەتی سیاسی عەرەب دەمێکە دۆسیەی هەڵەبجەیان فەرامۆش و بچوك کردۆتەوەو خستویانەتە قرەوە کاتێك نۆبەی دۆسیەی هەڵەبجە دێ یەك تاوانبار نامێنێتەوە لەسەر هەڵەبجە دادگای کرێت مەگەر کورسیەکانیان دادگایی بکرێن وملیان بکرێت بە پەتا بەداخەوە سەرکردایەتی سیاسی کوردیش دەمێکە ئەو دۆسیە یان دۆڕاندووە بەڕاستی هەڵەیەکی گەورەبوو نەدەبوایە ئەو مەدالیانەی پێشکەش بکرایە چونکە ئەمە یاری کردنە بەپیرۆزیەکانی هەڵەبجەو هەروەها گاڵتەکردنیشە بە هەست و مەشاعیری بنەماڵەی شەهیدان و موقەدەراتی خەڵکی هەڵەبجە هەروەها ڕاستیەکی ترهەیە بەپێویستی دەزانم بیخەمە ڕووئەویش ئەوەیە بەتەحەداوە دەڵێم لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئەمڕۆ هەر هەموو ئەوانەی سەردانی هەڵەبجەیان کردووە یەك کەسیان بیریان لەوە نەکردۆتەوە و بێزیان نەهاتوە سەربەماڵێکی بنەماڵەی شەهیداندا بکەن وئەو ئەزیەتەبکێشن لە ماڵەکانیاندا بەسەریان بکەنەوە یان سەربەماڵی هەژارێکی ئەم شارەدابکەن بەداخەوە ئەوە هەمیشە بنەماڵەو کەسوکاری شەهیدان بون چونەتە لای ئەوان یان بانگکراون و براون بۆپێشوازی ئەوان کەئەمەش خۆی لەخۆی دابچوککردنەوەی بنەماڵەی شەهیدان وشەهیدەکانیانە من پێم وایە ئەو شەهیدانە وبنەماڵکانیان زۆر زۆرلەوانە گەورەترن کەسەردانی هەڵەبجەدەکەن بەداخەوە تائێستاش چەندین بنەماڵەی شەهیدان هەیە بستێ زەویان نییەو کرێچین یان لەخانووە ڕوخاوەکانیان دا ژیان دەگوزەرێنن ئەو هەموو سەردانانە قەیرانی ئەمانی چارەسەرنەکردووەو سەمەری نەبوە بۆیان لەکۆتاییدا دەڵێم تکایەئیترهیچ حیسابێك بۆ هەڵەبجە مەکەن و واز لە هەڵەبجە بێنن و سەردانی هەڵەبجە مەکەن و هیچ ئەولەویەتێك مەدەنە هەڵەبجە وهەروای دانێن کە کیمیایی ئەسڵەن بەسەردا نەکراوە و کەسیشی تیادا شەهید نەبوەو کوردیشی بەجیهان نەناساندوە تەنیا ئەوە نەبێ حیسابی هەڵەبجەش وەك هەر گوندو شارو شارۆچکەیەکی تری ئەم کوردستانە بکەن و لە بەرچاو بگرن وەك ئەوان بەبێ جیاوازی خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن ئیتر پێویست بەسەردانی ئێوە ناکات.